# بومەلێڵ

سابیر صدیق

خۆرێکی زەردی

نوقمی تەمومژ

ڕوخسارو ڕەنگمە

شوێن:

گوندێکی چۆڵ

پشیلەیەکی بازوو هاودەنگمە

*

کات:

بوومە لێڵە و

کەمێک هێمنم

کوانێ

برووسکەی

گەواڵەی یادی کچێکی ڕەشپۆش

بیکات بە قەقنەس کۆتەرەی باڵام

بەر لە هەرەس و

**ساتی مردنم**

**قەرەداخ** 1987